خوای گەورە دەفەرموێت: ئەوەی دژایەتی دۆستێکی من بکات؛ ئەوا من جەنگی لە دژ ڕادەگەیەنم، وبەندەکەم بە هیچ شتێک لە من نزیک نابێتەوە کە خۆشەویست بێـت لە لام هێندەی نزیکبوونەوەی لێم بە ئەنجامدانی فەریزەکان

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «خوای گەورە دەفەرموێت: ئەوەی دژایەتی دۆستێکی من بکات؛ ئەوا من جەنگی لە دژ ڕادەگەیەنم، وبەندەکەم بە هیچ شتێک لە من نزیک نابێتەوە کە خۆشەویست بێـت لە لام هێندەی نزیکبوونەوەی لێم بە ئەنجامدانی فەریزەکان، وبەندەکەم بەردەوام لێم نزیک دەبێتەوە بە ئەنجامدانی سوننەتەکان هەتاوەکو خۆشم دەوێت، ئەگەر خۆشم بوێت دەبمە پارێزەری بیستن وبینین ودەست وقاچی، وئەگەر داوا بکات پێی دەبەخشم، وئەگەر داوای پەنا بکات پەنای دەدەم».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆمان دەگێڕێـتەوە لە فەرموودەیەکی قودسیدا کە خودای گەورە -عز وجل- فەرموویەتی: ئەوەی ئازاری دۆستێکی -وەلیەکی- من بدات وتووڕەی بکات وڕقی لێبێت ئەوا من دژایەتیکردنی ڕادەگەیەنم. دۆستی -وەلی- خوای گەورە: بریتیە لە ئیمانداری تەقوادار، هەتا بەندە ئیمان وتەقوای زیاتر بێت ئەوا دۆستایەتی خودای گەورە بۆی زیاتر دەبێت. وبەندە بە هیچ شتێک لە پەروەردگاری نزیك نابێتەوە کە خۆشەویست بێـت لە لای پەروەردگاری ؛ هێندەی نزیکبوونەوە لێی بە ئەنجامدانی فەرزکراوەکان، ئەمیش ئەنجامدانی پەرستنەکان ودووركەوتنەوە لە حەرامکراوەکان دەگرێتەوە، ومسوڵمان بەردەوام نزیک دەبێتەوە لە پەروەردگاری بە ئەنجامدانی سوننەتەکان لەگەڵ فەرزەکان ؛ هەتاوەکو خوای گەورە خۆشی دەوێت. ئەگەر اللە خۆشی بوێت؛ ئەوا ڕێنموێنی دەکات لە چوار ئەندامیدا: ڕێنموێنی دەکات لە بیستنیدا، بۆیە تەنها ئەو شتانە دەبیستێت کە خوای گەورە لێی ڕازیە. وڕێنموێنی دەکات لە بینینیدا، بۆیە تەنها سەیری ئەو شتانە دەکات کە خوای گەورە پێی خۆشە سەیری بکات وپێی ڕازیە. وڕێنموێنی دەکات لە دەستیدا، بۆیە تەنها ئەو کردەوانە دەکات بەدەستی کە خوای گەورە پێی ڕازیە. وڕێنموێنی دەکات لە پێیدا، بۆیە تەنها بۆ ئەو شوێنانە دەڕوات کە خوای گەورە لێی ڕازیە، وتەنها بۆ خێر وچاکە هەوڵدەدات. لەگەڵ ئەمانەیشدا ئەگەر داوای هەرشتێك لە خوای گەورە بکات ؛ پێی دەبەخشێت، نزاکانی وەڵام دەدرێتەوە، وئەگەر پەنا بە اللە بگرێت وداوای پاراستنی لێبکات؛ ئەوا اللە -سبحانه وتعالى- دەیپارێزێت وپەنای دەدات لەو شتەی لێی دەترسێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66534